

Edvard Munch، Self_Portriat with Skeleton Arm (1895)

# خۆ- پۆرترێت لەگەڵ ئێسکبەندی بازوو

كۆستیكا براداتان
لە ئینگلیزییەوە: نەبەز سەمەد

هـــزری مۆنتاین بـــۆ ‹‹ماڵیكـــردن››ی مەرگ و گەیشـــتنی مەرگ بۆ نێـــو قووڵایـــی بوونمـــان ڕەنگە هێشـــتاش وەها دەربكـــەوێ , كە بۆ تێگەیشتن قورسە. بەڕاستیی ‹‹كردنی مەرگ بە بەشێك›› لە ژیان , چ واتایـــەك دەگەیەنێـــت؟ داخۆ مـــەرگ و ژیـــن دوو دژی ڕەها نین؟ بۆ پتـــر ڕوونكردنەوەی ئـــەو هزرەیە، حەزدەكـــەم نموونە_وێنەیەك بەكاربهێنـــم. لـــە ســـاڵی ١٨٩٥دا شێوەســـازی نەرویجیـــی ئێدڤـــارد مۆنك (١٨٦٣_١٩٤٤) لیســـۆگرافێكی بەناوی خۆ_پۆرترێت لەگەڵ ئێســـكبەندی بازوو بەرهەمهێنا. مۆنك تەپاشـــیری لیسۆگرافیكی بۆ وێنەكێشانی ئەدگارە گرینگەكانی ڕووخساری خۆی بەكارهێناوە، كە لەنێـــو باكگراوندێكی ڕەشـــی فڵچەكاری مەرەكەبـــی هیندیی دانراوە. لە خـــوارەوەی داڕشـــتنەكە، وەســـتان بەئاســـۆیی لەســـەر وێنەكە، دەستوبازووی شۆڕكردووەتەوە__ ئەوەیە ئێسكبەندەكەیان٧.

‹‹ئێسكبەندی بازوو›› یەكسەر سەرنجی لێڕوانەر بۆ خۆی ڕادەكێشێت. لەنێو وێنەكەدا، ڕەنگە تەنیا وەك زانیارییەكی وەدەرنراو لە خوارەوە دەربكەوێ، هێشـــتاش ئەو ئـــەدگارە دینامیكییە دەرككردنی لێڕوانەر دەگرێت. یەكەم، ڕەنگە تۆ بتەوێ سەرنجت لەسەری لاببەی (دواجار

ئەوە ساتی لەپڕ بێداربوونەوەیە لە مەرگ). چاوەکانت بەهێواشیی بەرزدەکەیتەوە، فلْچەی ڕووخساری شێوەسازەکە، تەنانەت بۆ ماوەیەک لەسەری دەوەستێ. تۆ ناتوانی چاوە تیژەکانی مۆنک لەبیر بکەی، بەبێدەنگیی چاو لە چاوانی تۆ دەبڕن. هەرچەندە پێشەوەی تۆ بزانی، تۆ خۆت لە ڕوانین لە ئێسکبەند و دەستی مۆنک دەدۆزیتەوە. ئەو ئێسکە ڕووتانە دەبن بە سەرنجێکی گەورەی لیسیۆگرافەکە، کە نەشیاوی لێدەربازبوونن. تاکو ئێستا هۆشت تەواو وێنەکەی پرۆسێسکردووە بۆ پێوەستکردنی باکگراوندە تاریکەکەی لەگەڵ ناوەوەی تابووتەکە. ئەوە لە خۆڕا نییە کە مێژووناسانی هونەر دەبێژن ئەو دارشتنە لە فۆرمی قاڵبی گۆڕدایە٨.

ڕەنگە قورس بێت ڕۆڵی دەستلەنێو مێژوو و ئۆنتۆلۆگیی مرۆڤدا هەڵبزنێنین. پتر لەوەی ئێمە چین (_ نەک تەنیا لە ڕووی توێکارییەوە، بەڵکو لە ڕووی توانستی زانینمەندیەتیشمانەوە_) بەهۆی دەستەوەیە. ئێمە دەستمان بۆ کردارنواندن بەسەر جیهاندا، بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆمان پێوەست بە جیهانەوە، هەروەها بۆ دەرککردن و تێگەیشتن لە جیهان بەکاردەهێنین. لە ڕاستیدا، دەست تەنیا «پەنجەرەی هۆش» نییە، وەک کانت دەبێژێت٩، بەڵکو هەروەها گوزارشتێکی دیاری هۆشە، باشترین ڕێگەی ڕوونکردنەوە و دیارهێنانی هۆشە. پێوەندیی ئاڵۆزی نێوان ئەو دووانە دواتر لەلایەن پسیکۆلۆگ، فێنۆمێنۆلۆگ و زانایانی کۆگنیتیڤ لێیکۆڵدراوەتەوە. لە ڕوانگەی پەرەسەندنەوە؛ دەست، وەک گرینگترین و پێشکەوتووترین ئامرازی مرۆڤ دەبینرێ، کە پەرەیسەندووە_ پرۆسەکە بەتەواویی لە هەمان کاتدا ڕوویداوە، کە لە بەرانبەردا دەست ئەوانی هێناوەتە نێو بوونی مرۆڤەوە. بۆیە، وەک زمان دەست بەتەواویی ژیانمان دەکات بە مرۆڤ. ڕایمۆند تالیس دەبێژێت: «دەست ئامرازی هەڵزناندنە داواکراوە بۆ ئەوەی ئێمە لەنێو سروشتدا دیاربهێنێت»، کە ئێمە بەبەهێزییەوە لە ئاژەڵ جودا دەکاتەوە. (Tallis ٢٠٠٣: ٣٢)

ئەوە بۆیە بەکارهێنانی دەست لەلای مۆنک (_ئۆرگانی ژیانی مرۆڤ باشترین نموونەیە_) بۆ پێشاندانی هێرشی مەرگ بۆ ناوەڕاستی



Edvard Munch، Self_ Portriat with Skeleton Arm ((1895



لێرەبوونمان ئەوە بەڕوونی جووڵەیەکی هۆشسوورمێنە. مەرگ، مۆنک لە لیسـۆگرافەکەیدا پێشـانی دەدا، شتێک نییە، کە ئێمە بەسادەیی بتوانین ڕێکیبخەین، بەڵکو ڕووداوی لەناوبردنی گرینگترین بەشەکانە. مەرگ کاتێک دێت، ئەوا بۆ تێکشـکاندنی ئەو شـتانە دێت، کە ئێمە دەناسـێنن. مەرگ کاتێک هێـرش دەکات، کاتی خـۆی بەفیڕۆنادا: دەچێتە نێو ناوەندی ژیانەوە و لە ئێسکەوە دەیخوات. خۆ_پۆرترێتێک لەگەڵ دەسـت، پێشتر لەلایەن مەرگەوە تەواو خوراوە، ئەوە کۆتایی ژیانمان لە تێکشـکاوترین باریدا پێشـاندەدا. ئەو وێنەیە بەتەنیا زۆر ڕوونتر و کاریگەرتر لە سیسـتێمێکی فەلسەفەیی دەتوانێ سەبارەت بە بمریەتیی ئێمە بپەیڤێت.

لەمــەش زیاتر، ئەو ئێسـکانەی ئێمە لەنێو لیسـۆگرافەکەی مۆنکدا دەیبینین؛ ئێسـکی هەر کەسـێک نییــە، بەڵکو هی شێوەسـازەکە (مۆنک) خۆیەتی. سـەرجەم ژیانی شێوەسـازەکە لە دەسـتەکانیدا مەحکومکراوە: هیچ بەشـێکی جەسـتەی، جگە لـە چاوەکانی، ئەو ڕۆڵە کرۆکییە بۆ مۆنک ناگێڕن. هەروەها هیچ شتێک لە دەستەکانی زیاتــر لــەوەوە نزیک نییە. لەمەوە من دەبێژم بۆ هەر شێوەسـازێک گەرەکە دەسـت بەرجەسـتەبوونی پێوەسـتبوونێکی تایبەتیی بێت: شێوەسـاز دەتوانـێ نهێنییەکان لە خەڵک بشـارێتەوە، تەنانەت لە هــاوڕێ نزیکــەکان و خۆشەویسـتانی، بــەڵام هەرگیــز ناتوانــێ لە دەستەکانی بشـارێتەوە. گەرەکە متمانەیەکی هەمەکی لە نێوانیاندا هەبێت. هەروەک شێوەسازەکە باش دەزانێ، ناڕاستگۆییەک لەلایەن دەستییەوە دەبێ بە ناڕاستگۆییەکی تەواو. هەرچەندە مۆنک دەستی شێوەسـازەکەی هەڵدەبژێـرێ، وەک پەنجەرەیـەک، کـە بەڕێیــەوە مــەرگ دەچێتە نێو وێنەکەوە. ئەنجامەکە هۆشسـووڕمێنەرانە تەنیا خۆ_پۆرترێتێکی ڕەسـەن نییە، بەڵکو بە جۆرێک پۆرترێتی خودی نامۆیەتیی و نەشـیاویی ڕوونکردنەوەیە: نائاشناترین و خۆمەندترین پێوەندییـان پێکەوە هەیە. مۆنک جارێکیـان دەبێژێت ‹‹من ناتوانم بــڕوا بکــەم، کە مەرگ وەها لێدەربازبوونی نییە، وەها لە دەسـتەوە نزیکە››. (Stang in ١٩٧٩: ٣٤)

لە خۆ_پۆرترێت لەگەڵ ئێسکبەندی بازوودا، مۆنک بەباشی هزرەکەی مۆنتایـن: باشـترین ڕێگە بـۆ خەریکگەریی لەتەک مەرگـدا ئەوەیە بیکەی بە بەشـێک لە ژیانت، دیاردەهێنێ. سروشـتە هونەرییەکەی پاڵ بە مۆنکەوە دەنێ، تاکو لەنێو پێشـبینینەکراوترین شوێنەکاندا بــەدوای مەرگدا بگەڕێت: لەنێو دڵی خــودی ژیاندا. یەکێک لە تێمە گرینگەکانــی هونەری مۆنک، وەک خۆی دەبێژێت ‹‹خۆشەویسـتیی و مەرگ››ــە، نەک وەک دوو توخمی جودا، بەڵکو لەنێو پێوەندییە نێویەکییەکەیاندا: خۆشەویستیی_و_مەرگ. کارەکەی ساڵی ١٨٩٤ی مۆنک بەناوی مەرگ و ژن، کە تێیدا ژنێکی گەنجی ڕووت بەئاڵۆشەوە ئێسـکەپەیکەرەکە ڕادەمووسـێ و لە ئامێزدەگرێ، ئەو ئیدێیە ڕوون

دەکاتەوە. کرداری خۆشەویستیی، لەو شوێنەدایە، کە خودی ژیان تێیدا سەرچاوەدەگرێت، ئەوە بۆ مۆنک ئەزموونێکی کوشندەیە. لەنێو بڕوای هێنانەدی ‹‹مەرگ دەستی بۆ ژیان ڕاکێشاوە›› خەنینی ژنەکە لەکاتی ڕامووساندا هیچی دیکە نییە جگەلە ‹‹خەنینی لاشەیەکی مردوو››. (Velsand in ۲۰۱۰: ۹)

ئێدڤارد مۆنک، نەک تەنیا مەرگ و نەخۆشیی لەنێو کارەکانیدا پێشاندەدات، بەڵکو ئەو بەجۆرێک ئەوان لەنێو ڕوانگە هونەرییەکەیدا ڕێکدەخات. مۆنک پێشوازیی لە لاوازیەتیی و نەخۆشیەتیی_ پەیامبەرانی مەرگ_ دەکات بۆ نێو هەڤاڵیەتی بوون، میواندۆستیی و دۆستایەتییان پێشکەش دەکات. مۆنک دەبێژێت: ‹‹گەرەکە من لاوازیەتییە فیزیکییەکانی خۆم بپارێزم، ئەوان بەشێکی پێویست و گرینگن لە من. نامەوێ واز لە نەخۆشییەتیی بهێنم، هەرچەندە ڕەنگە ناهاوسۆزەکییانە من نەخۆشییەتیی لەنێو هونەرەکەمدا دیاربهێنم››.

لە ڕاستیدا، مۆنک ئەوانی بۆ نزیکترین هاوبەشی هونەری خۆی وەرگۆڕیوە. وەک یەکێک لە ڕەخنەڤانان تێبینی کردووە، مۆنک ‹‹لەلایەن هزری مەرگەوە بەدرێژایی ژیانی ڕاوکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەخۆشییەتیی پتر وەک پێشمەرجێک بۆ کارەکانی دادەنێت››. (Stang ۱۹۷۹: ۳٦) مۆنتاین کە جەستەیەکی لاواز و نەخۆشی هەبووە، ناتوانێت زۆر لەگەڵ مۆنکدا هاوڕا بێت.

هەرچەندە مۆنک بەو هزرەیە گەیشتبوو، کە ئێمە گەرەکە ڕێگە بە مەرگ بدەین بە هەموو ژیانماندا بڵاوببێتەوە بە ڕەوتێکی جودا لە هینەکەی مۆنتاین، بەڵام پنتی دەستپێکی هەردووکیان هاوشێوەی یەکدییە. هەروەک چۆن بۆ مۆنتاین مەرگی ناوەختی هاوڕێیەکی نزیکی و پاشان هی باوکی دەبێتە سەرەتای دەرکەوتنی ئەو بیرەیە، کە مەرگ لەنێو دڵی فەلسەفە، وەک هونەری ژیاندندایە، هەروەها بۆ مۆنکیش مەرگی ئەندامە دیارەکانی خێزانەکەی هیچیەتیی و نەبوونیی هێنایە نێو ناوەڕاستی لێرەبوونی خۆی. مۆنک دەبێژێت ‹‹من لەگەڵ مردوودا دەژیم_ دایکم، خوشکم، باپیرم و باوکم ... سەرجەم یادەوەرییەکانم، کەمترین شتەکان، لەپڕ دەرکەوتن››.

(Eggum in ١٩٨٤: ٦٢) ئەمە شـێوە بە خۆ_نومایشکردنی مۆنک دەدا، مۆنـک دەکەوێتە خەریکگەری لەتەکیدا، بەناوەکی دەکات، لە کۆتاییـدا دەیکات بە بەشـێک لـە کێیەتی خۆی. ئەو لـە کۆتاییدا، هەوڵـدەدا ڕێگەیەک بـۆ ژیاندن لەتەک مردنـدا بدۆزێتەوە. دەبێژێت «من لەسـەر پنتی مەرگ هاتمە نێو جیهانەوە و گەرەک بوو باوانم لە ماڵەوە بە زووترین کات من بکەن بە دیان». لە ڕاستیدا، لەکاتی هاتنە ژیانیەوە، دایکی ئێدڤارد پێشتر «بەکتریای نەخۆشیی سیلی لەتەک خۆیدا هەڵگرتبوو»، کە شەش ساڵ درەنگتر کوشتی. مۆنک دەبێژێت «نەخۆشییەتیی، شێتیەتیی و مەرگ فریشتەی ڕەش بوون، کە لەسـەر سەرم وەستابوون؛ لەسەر بێشکەوە بەدرێژایی ژیانم هەر بەدوامەوە بوون». (Stang in ١٩٧٩: ٣١)

مۆنـک، ڕەنگـە هەرگیـز کتێبەکەی مۆنتاینـی نەخوێندبێتـەوە١٠، بـەڵام ئەویش گەیشـتووە بە هەنـدێ دەرەنجامی هاوشـێوە. داخۆ مۆنک زانیویەتی میسـرییە کۆنەکان جەسـتەی مۆمیاکراویان لەگەڵ خۆیـان هێنـاوە بۆ ئاهەنگەکانیان، ئەو ڕەنگـە هیچ بەردێک نەمابێ هەڵینەدابێتەوە، تاکو بتوانێ یەکێکیان بۆ بەکارهێنانی خۆمەند بکرێت. لەنەبوونی ئەوەدا، مۆنک دەبوایە خۆی دووبارە بافراندبوایەوە، وەک مۆمیایەکی ناتەواو لەنێو فۆرمی «خۆ_پۆرترێت، لەگەڵ ئێسکبەندی بازوودا».

سەرچاوە:

Costica Bradatan (2015) Dying for Ideas, The Dangerous Lives of the Philosophers. Bloomsbury, London.